شیعر

رێبین ئەحمەد خدر

# هاوینێک لە مەریخ

هەڵوەرینی ناو / ئۆهـ..




لەسەر
مەمەکانت نووسراوە
لەسەر پشتت
لەسەر دەستەکانت
ناوی من
ئەو ناوەی کە هی من نییە
ئەو ناوەی کە بە درۆ پێم وتی
چۆن بووە خۆشەویستت
ئەو کەسە؟
ئەو کەسەی کە من نیم،
ئەو دەمەی بۆ دزی لە پەنجەرەوە
هاتمە ژووری خەوتبوویت،
ئاشکرابووم
وتم

ئۆھ.. وتم خۆشم دەوێی!

## فیل و نامەی دڵداری

هاوینێک لە مەریخ
مێزی نانخواردن رازاوەتەوە و
خۆشەویستی تێر دەکەین،
باوکم وێنەی داربەڕووی بۆ ناردووم
تا وڵاتی خۆم لە بیر نەکەم
لە هاوڕێیەکم دەپرسم
ئەحواڵی زەمین چۆنە؟
تەلەفۆنەکە دادەخاتەوە
فیلێک لە نزیک ئێمە بە لووتی
شتێک دەنووسی،
لەسەر پشت رادەکشێم
سەیری ئەستێرەیەکی دوور دەکەم
چ سەیرە ئەم ئەستێرەیە
زەمین بێت
ئەو تۆپەڵە سوورەش
شوێنی ئێمە،
لە ناویشیدا شین.. ماڵی یارەکەم
لەویشدا سپی.. خۆی
لەویشدا نارنجی.. دڵی
لەویشدا زەرد.. کەسێک،
کەسێک کە من نیم
چ سەیرە؟!



## زانستی گەڕانەوە

باس لە هەر گیایەک بێ
ئێستا نوستووە

شەڕەکانیش ناگەڕێنەوە
تانکەکان قوڕسن
سەربازەکان ئیتر مردوون
پیاوی سەر پردەکە کتێبێکی لە دەستە
نایخوێنێتەوە، فڕێی دەدا
بەر سەری پیرەژنێک دەکەوێ،
من دەڵێم تابووتی منداڵەکان
گەورە دروست بکەن
لە مردنیشدا گەورەبوون هەیە
پیربوون هەیە
زانستێک نییە
بۆ گەڕانەوە،
لە مردندا
مردنیش هەیە.

